# ئەو ڕۆژانەی مێژوو دروست دەکەن

**بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان**

*ناسر ئەمین نژاد*

با بگەڕیینەوە بۆ ٢٩ سال لەمەوپێش، بچین بۆ شاری سەقز، لەو دوایین ڕۆژانی ڕیبەندان، ئەو دەمانەی کە گەرمای جۆش و خرۆشی کۆمەلانی ڕاپەریو، تەنگیان بە وشکەسەرمای سەقز هەڵچنیبوو. ئەو ڕۆژانەی کە گوڵەنەورۆزە و نیرگسی دەمەو بەهار زووتر لە وادە مزگینی بەهاری سەرکەوتنیان دەچری. ئەو ڕۆژانەی کە لە هەر لایەک گڕی شایی و قاقای پێکەنین گەرمایی بەخشی جێژنی سەرکەوتن بە سەر سەرەڕۆیی ٥٠ سالەی پاشایەتیدا بوو.



لە ئەوێ ڕۆژاندا سێلاوی ئیرادەی پۆلایینی خەلکی وەرز و وەگیانهاتوو داموودەزگاکانی سەرکوت وداپلۆساندنی ڕامالّی بوو. شاری سەقز یەکێک لەو دەگمەن شارانەی بوو کە هێشتا پاشماوەکانی ڕژیم لە بنکەی پۆلیسخانەی شار خۆیان مات دابوو، هێشتا باوەڕیان بەوە نەهانی بوو کە کولەکەی ڕۆحیان، واتە ئەرتەش و ساواک و ڕایەڵەکانی پاشایەتی لە بەر پێی ڕاپەریندا چۆکیان دادابی. چاوەڕوان بوون ئیمدادیکی غەیبی وەرەقیان بۆ هەڵگەڕێنێتەوە و بچنەوە سەر دۆخی جارانیان. ئەمانە هێشتا پاش دوو ڕۆژ لە داتەپین و هەرەسی سەرانسەری ڕژیمی پاشایەتی لەهەمو شوێنەکانی ئێران و کوردستان حازر نەبون خۆ بەدەستەوە بدەن و بنکەی سەرکوت و زەبروزەنگیان جێ بهێڵن.

ئەوی ڕۆژ بوو کە کۆمەلانی خەڵکی سەقز هەڵمەتیان بردە سەر ئەم بنکەیە و لە ئەنجامی بەرەروبونەوەیەکی دەستەویەخەدا کاک "حەمە حوسێنی کەریمی" وەک پێشەنگ و سازماندەری ئەم بەرنگارییە ویڕای دوو کەسی دیکە لە خەڵکی شار وەبەر گوللەی پاسدارانی پاشایەتی کەوت، پاشان ئەم موقاوەمەتە ترسنۆکانەیەی بەکرێگیراوان هێندەی نەبرد و چی دی بەرگەی نەگرت و هەر ئەوێ ڕۆژ ئەم دوایین نوزەیەی بەکرێگیراوان بە

یەکجاری خنکێندرا. بەلام بەداخەوە لەم روداوەدا رۆلەیەکی بەئەمەگی زەحمەتکیشان کاک حەمە حوسینی کەریمی کە سالانێکی زۆر پێشتر قۆلی خەبات و تێکۆشانی بیوچانی لە پێناو دامەزراندنی رێچکەیەکی نوێی خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردن و بەردەوامی خەباتی زەحمەتکێشان، بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی بێ چەوساندنەوە و ئینسانی هەڵکردبوو، گیانی خۆی لە دەست دا.

لەم روداوەدا ئەو کەسەی کە هەمیشە چاوی لە ئاسۆی دوارۆژێکی پڕشنگدار بۆ کۆمەلگای کوردستان بڕیبوو، ئەو کەسەی کە « هیوای بە هیزی خەڵک بوو کە بەحرێکی بەربەرینە، باوەری بە هیوای خەڵک بوو کە هیوایەکی شیرینە و هەتاهەتایە خۆشەویستی خەڵکی دەردومەندی ئەوین بوو» بە ریزی کاروانی نەمر و هەرگیز لەبیر نەکراوی گیانبەختکردوانی ریگەی یەکسانی و عەدالەت پەیوەست بوو.

یادی بەرزو هەمیشە بەریز بێ